ژمارە : ٦٧٥٠

DATE: ٢٠٢١/١/٢١

رێکەوت : ٢٧٢٠/١٧/١ کوردی

ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١

ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کومپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، بڕیارماندا بە دەرچووانی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە :

پێناسەکان

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو مانایانەی کە بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستەکانی جێ بە جێ کردنی ئەم ڕێنماییانە:

١- **وەزیر:** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان.

٤- **بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان:** بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆلەت پێدان لە وەزارەتی ناوخۆ.

٥- **گرێبەست:** گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێك دەخرێت بە زمانی کوردی و عەرەبی.

٦- **مۆلەتی کارکردن:** ئەو مۆلەتەیە کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ دەدرێت بە کومپانیاکانی (هاوردەکردن یان گواستنەوە یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.

٧- **کودی ئەلیکترونی:** ئەو کودەیە کە دەدرێت بە کومپانیا یان و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بە مەبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بە پێی سیستەمی ستانداردی گرێبەستی ئەلیکترونی.

٨- **کۆمپانیا:** ئەو کۆمپانیایە کە بە پێی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ هەموار کراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمار کردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە.

٩- **پێشانگا:** ئەو پێشانگایانەی کە مۆلەتی کرین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلیان هەیە.

ژمارە :

DATE: ٢٠٢١/ /

ڕێکەوت : / / ٢٧٢٠ کوردی

ماددەی دووەم :

مەبەست لە دەرچووانی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی هاوردەکردن و گواستنەوەی ئۆتۆمبێلی نوێ و بەکارهاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی ڕێنماییە بەرکارەکان و بە ستانداردکردنی گرێبەستی فروشتنی ئۆتۆمبێل بە مەبەستی پاراستنی مافی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان.

مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی کۆمپانیای (هاوردە کردن یان گواستنەوە یان فرۆشتنی ئوتومبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

ماددەی سێ یەم :

یەکەم /

مۆڵەتی کارکردن بە کومپانیای (هاوردە کردن یان گواستنەوە یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت:

١- پێشکەش کردنی داواکارییەک بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیاکان.
٢- هاوپێچ کردنی مۆڵەتی تومارکردنی کۆمپانیا.
٣- پێشکەش کردنی پاکانەی باج.
٤- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەکانی بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیا.
٥- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی بەتاوان نەبوون (عدم محکومیه) کە دەبێت بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیا هیچ تاوان یان کەتنێکی ئابڕووبەر ئەنجام نەدابێت بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان.
٦- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەکانی پارێزەری کۆمپانیا.

دووەم /

مۆڵەتی کارکردن بە پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت:

١- پێشکەش کردنی داواکارییەک بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.
٢- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەکانی خاوەنی پێشانگا.
٣- پێشکەش کردنی پاکانەی باج.
٤- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی بەتاوان نەبوون (عدم محکومیه) کە دەبێت خاوەنی پێشانگا هیچ تاوان یان کەتنێکی ئابڕووبەر ئەنجام نەدابێت بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان.

ژمارە :

DATE: ٢٠٢١/ /

رێکەوت : / / ٢٧٢٠ کوردی

سێ یەم /

١- دەکرێت کومپانیا داوای وەرگرتنی مولەتی کار بۆ یەکێك لە وچالاکیانی کە لەم رێنماییە دیاری کراوە ، هاوردەکرن یان گواستنەوە یان فروشتن ، یان دوو چالاکی یان هەر سێ چالاکی.

٢- کومپانیا بوی نیە لە پاڵ ئەم چالاکیانەی کە لە برگەی (١)ی سەرەوە دیاری کراوە هیچ چالاکیەکی تری بازرگانی ئەنجام بدات.

- گرێبەستی ستانداردی فروشتنی ئۆتۆمبێل -

ماددەی چوارەم:

١- گرێبەستێکی ستانداردی فروشتنی ئۆتۆمبێل لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ رێك دەخرێت بە زمانی کوردی و عەرەبی.

٢- پێویستە گشت کۆمپانیا و پێشانگاکانی فروشتنی ئۆتۆمبێل لە کاتی فروشتنی ئۆتۆمبێل گرێبەستی برگەی (١)ی سەرەوە بەکاربهێنێت بۆ ئۆتۆمبێلی ژمارە کاتی یان تومارکراو.

٣- هیچ گرێبەستێکی تر جگە لەوەی لە برگەی (١)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ کاری پێ ناکرێت لە کاتی فروشتنی ئۆتۆمبێل بۆ یەکەم جار یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی تومارکراو.

- سیستەمی ئەلیکترونی فروشتنی ئۆتۆمبێل -

ماددەی پێنجەم:

١- سیستەمێکی ئەلیکترونی بۆ فروشتنی ئۆتۆمبێل لە رێگای گرێبەستی ئەلیکترونی ستاندارد لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ رێك دەخرێت و لەسەر وێب سایتی ئەلیکترونی وەزارەتی ناوخۆ (moi.gov.krd) دادەنرێت.

٢- هەر کۆمپانیایەك یان و پێشانگایەکی فروشتنی ئۆتۆمبێل کودێکی تایبەتی پێ دەدرێت بەرامبەر برێك رسومات کە لەم رێنماییە دیاری کراوە و سالانە نوێ دەکرێتەوە.

- مەرجەکانی بارەگای کۆمپانیا یان پێشانگای فروشتنی ئۆتۆمبێل -

ماددەی شەشەم:

١- پێویستە بارەگای کۆمپانیا یان پێشانگای فروشتنی ئۆتۆمبێل ڕووبەری لە (٢٥٠٠م) کەمتر نەبێت کە (١٠٠م٢) بۆ بارەگای کۆمپانیا یان پێشانگا دەبێت و (٤٠٠م٢) بۆ شوێنی نمایش کردنی ئۆتۆمبێل تەرخان دەکرێت.

٢- دەکرێت شوێنی نمایش کردنی ئۆتۆمبێل داخراو یان کراوە بێت.

٣- ئۆفیسی کۆمپانیا یان پێشانگا دەبێت بە لایەنی کەم ئەم ژوورانە لە خۆ بگرێت:

ژمارە :

DATE: ٢٠٢١/ /

ڕێکەوت : / / ٢٧٢٠ کوردی

أ. ژووری بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو.
ب. هۆڵی پێشوازی کڕیاران.
ج. کافتریا.

٤- پێویستە کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژوورێکی تایبەت بۆ ئەرشیڤی ئۆتۆمبێلە فرۆشراوەکان ئامادە بکات کە تێدا بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك فایلێك ڕێك بخات کە ئەم بەڵگەنامانە لە خۆ بگرێت:
أ. گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.
ب. وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە منافیست و گشت بەڵگەنامەکانی ئۆتۆمبێلی فرۆشراوە بۆ یەکەم جار یان ئۆتۆمبێلی پێشتر تۆمارکراو و فرۆشراوە لەلایەن کۆمپانیا یان پێشانگا.

ماددەی حەوتەم:

١- هیچ کۆمپانیا یان پێشانگایەکی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ڕێگای پێ نادرێت ئۆتۆمبێل لەسەر جادە یان شوستە نمایش بکات و ئەو کۆمپانیایە کە سەرپێچی دەکەن بە پێی ئەو پێبژاردانەی لەم ڕێنماییە دیاری کراون پێبژاردنی پێ دەکرێت و دەبێت ئۆتۆمبێلە زیادەکان لە کۆگای تایبەت بە کۆمپانیا یان پێشانگا کۆگا بکات.

٢- پێویستە کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل گشت مەرجەکانی بەرگری شارستانی جێ بە جێ بکات بە پێی پشکنینی لێژنەی بەرگری شارستانی تایبەتمەند و هاوپێچی بکات لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

ماوەی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل

ماددەی هەشتەم:

١- هەر ئۆتۆمبێلێکی هاوردە کراو کە بە پێی ئەم ڕێنماییە دەفرۆشرێت پێویستە لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە واژووکردنی گرێبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل تومار بکرێت بە پێچەوانەوە کریار دووچاری ئەو پێبژاردنە دەبێت کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

٢- هەر ئۆتۆمبێلێکی تومارکراو لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم کە بە پێی ئەم ڕێنماییە دەفرۆشرێت پێویستە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە واژووکردنی گرێبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل گواستنەوەی خاوەندارێەتی بۆ بکرێت لە فرۆشیار بۆ کریار، بە پێچەوانەوە کریار و فرۆشیار دووچاری ئەو پێبژاردانە دەبن کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

٣- هەر ئۆتۆمبێلێکی فرۆشراو بە پێی بڕگەی (٢،١)ی سەرەوە لەو ماوەی دیاری کراوە فرۆشراو تومار نەکرا یان گواستنەوەی خاوەندارێەتی بۆ نەکرا ئەوا گرێبەستی فرۆشتن هەڵدەوەشێتەوە بە پێی ئەو پێبژاردانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە پێبژاردن بە کومپانیا یان پێشانگای فرۆشیار دەکرێت.

ژمارە :

DATE: ٢٠٢١/ /

رێکەوت : / / ٢٧٢٠ کوردی

ماددەی نۆیەم:

پێویستە لەسەر کومپانیای هاوردەکردن یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هاوردەی کردووە دوای تێپەڕبوونی ماوەی (٩٠) رۆژ لەسەر داخل کردنی ئۆتۆمبێل لەسەر ناوی کۆمپانیا تومارى بکات ئەگەر نەفرۆشرابێت لەو ماوەیەدا.

- ئەحکامە داراییەکان -

ماددەی دەیەم:

یەکەم/ رسومات:

١- بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیون دینار وەک رسوماتی سالانە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی کارکردن و نۆێکردنەوەی کۆمپانیای (هاوردەکردن یان گواستنەوە یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) ، ئەگەر تەنها یەک لەو سێ چالاکییەی هەڵبژارد.

٢- بڕی (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن وەک رسوماتی سالانە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی کارکردن ، ئەگەر کومپانیا دوو چالاکی هەڵبژارد.

٣- بڕی (٦,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن دینار وەک رسوماتی سالانە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی کارکردن ، ئەگەر کومپانیا هەرسێ چالاکی هەڵبژارد.

٤- بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیون دینار وەک رسوماتی سالانە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی کارکردن و نۆێکردنەوەی پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.

٥- کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیون دینار سالانە دەدات بە وەزارەتی ناوخۆ وەک رسوماتی پێدانی کودی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بە پێی گرێبەستی ئەلیکترونی ستاندارد و سالانە بە هەمان بڕ کودەکەی نوێ دەکرێتەوە.

٦- بڕی (٢٥,٠٠٠) بیست وپێنج هەزار دینار وەردەگیرێت وەک رسوماتی پەسەندکردنی گرێبەستی ئەلیکترونی ستاندارد لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم.

٧- بڕی (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار وەک رسوماتی پشکنینی لەو کۆمپانیا یان پێشانگانەی کە لەم رێنماییە دیاری کراون وەردەگیرێت بە مەبەستی وەرگرتن و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردن.

دووەم/ پێبژاردنەکان :

١. بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەک پێبژاردنەکانی دواکەوتن لە پەسەندکردنی گرێبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.

ژمارە :

DATE: ٢٠٢١/ /

ڕێکەوت : / / ٢٧٢٠ کوردی

٢. بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار ڕۆژانە وەك پێبژاردنەکانی دواکەوتن لە نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کاری کۆمپانیای (هاوردە و هێنان و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و نوێ نەکردنەوەی کودی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.

٣. بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار وەك پێبژاردنەکانی نمایش کردنی هەر ئۆتۆمبێلێك لەسەر جادە و شوستەکان لەگەل لابردنی سەرپێچی.

٤. بڕی (٧٠,٠٠٠) حەفتا هەزار دینار ڕۆژانە وەك پێبژاردن بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك دەدرێت لە لایەن کۆمپانیای (هاوردەکەر یان فرۆشیار) و پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە کاتی تێپەڕبوونی ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە سەر هاوەردەکردنی ئوتومبێل وتومار نەکردنی.

سێ یەم:

١- ئەو بڕە ڕسوماتانەی خانەکانی (١،٢،٣،٤،٥)ی بڕگەی یەکەمی سەرەوە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر ئەژمێری کومپانیا ئەمنییەکان و ڕێگە پێدان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

٢- ئەو بڕە ڕسوماتەی خانی (٦،٧)ی بڕگەی یەکەمی سەرەوە لە لایەن بەڕێوبەرایەتیەکانی هاتووچۆ وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر ئەژمێری پەرەپێدانی هاتووچۆ.

چوارەم:

١- ئەو برە پێبژاردنەی خانی (٢)ی بڕگەی دووەمی سەرەوە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر ئەژمێری کومپانیا ئەمنییەکان و ڕێگە پێدان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

٢- ئەو برە پێبژاردنەی خانەکانی (١،٣،٤)ی بڕگەی دووەمی سەرەوە لەلایەن بەڕێوبەرایەتیەکانی هاتووچۆ وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر ئەژمێری پەرەپێدانی هاتووچۆ.

ماددەی یانزەیەم:

١- پێویستە کۆمپانیای هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل پابەندبێت بە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ و هەر ڕێنماییەکی تر کە دواتر دەردەچێت تایبەت بە مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و بەرپرسیارەتی سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکان دەکەوێتە ئەستۆی.

٢- کۆمپانیای گواستنەوەی ئۆتۆمبێل هیچ بەرپرسیارەتی هەبوونی سەرپێچی لە ڕێنماییەکان هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل ناکەوێتە ئەستۆی و لە خالی سنووری ئەگەر ئۆتۆمبێلەکان لە پشکنین دەرنەچوون پێویستە لەسەر کۆمپانیای گواستنەوە ئەو ئۆتۆمبێلە بگەڕێنێتەوە.

٣- کەسی سروشتی بوی هەیە سالانە (٢) دوو ئۆتۆمبێل هاوردە بکات و گشت بەرپرسیارەتی هەبوونی سەرپێچی لە رێنماییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسە.

ماددەی دوانزدەیەم:

١- لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ پێک دەهێنرێت بە مەبەستی پشکنینی ئەو کومپانیا و پێشانگانەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کە داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەت یان نوێ کردنەوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجەکان بە ئەندامیەتی نوێنەری بەشی زێدەڕەوی لە سەرۆکایەتی شارەوانی پەیوەندیدار.

٢- لێژنەیەکی پشکنین و لێژنەیەکی بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ پێک دەهێنرێت بە ئەندامیەتی نوێنەری بەشی زێدەڕەوی لە سەرۆکایەتی شارەوانی پەیوەندیدار بە مەبەستی پشکنینی کومپانیاکانی (هاوردە و فرۆشتی ئوتومبێل) و پێشانگانەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بو دەست نیشان کردنی سەرپێچییەکان و ئەنجام دانی کاری پێویست بەپێی ئەم رێنماییە.

٣- ئەم لێژنانەی خاڵی (١و٢) سەرەوە هەر (٦) مانگ جارێک دەگوردرێن.

ماددەی سیانزدەیەم:

١- هیچ گرێبەستێکی فرۆشتنی ئۆتومبێل لە دەرەوەی ئەم رێنماییە کاری پێ ناکرێت.

٢- ئەم رێنماییە هەموو جورە ئۆتۆمبێل و ئامێر و ماتورسکیلێک دەگرێتەوە.

ماددەی چواردەیەم:

گشت ئەو کومپانیا و پێشانگانەی کە لە دوای ٢٠٢١/٦/١ خۆیان تومار نەکردوە دادەخرێن.

ماددەی پانزدەیەم:

ئەم رێنماییانە لە رۆژی بلاوکردنەوەی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

رێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

ژمارە :

DATE: ٢٠٢١/ /

ڕێکەوت : / / ٢٧٢٠ کوردی

وتنەیەک بۆ:

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان / بەهەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- وەزارەتی داد /ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان / بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە ، لەگەڵ ڕێزدا ....
- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بەهەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێزان بریکاری وەزارەت / بەهەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان / بەهەرموون بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ / بۆزانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- نوسینگەی ب.گ.دیوان/ بەهەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان / بەهەرموون بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- فەرمانگەی یاسایی ، ب.کومپانیا ئەمنیەکان و مۆلەت پێدان ، ب.هەماهەنگی و بەداواچوون/ بۆزانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- خولاو.